بیست و پێنج تۆن لە دەشاوی تەماتەی کوردستان ڕەوانەی ئەمریکا کرا

حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لە درێژەی دەزینەوەی بازاڕ بە بەرهەمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان و ساغکردنەوەی بەرووبووومە کشتوکاڵییەکانیان، 25 تۆن دەشاوی تەماتەی هەریر، هەناردەی ئەمریکا کرا.

ئەمرو شەممە فەرمانگەی میدیا و زانیاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاویکردەوە، "لە ناوەوە و دەرەوە بازاڕ بە بەرهەمی جووتیاران دەدەزینەوە و بە یەکەمجار 25 تۆن لە" دەشاوی تەماتەی هەریر" هەناردەی ئەمریکا کرا"، وەک بەشێک لە پلانە ستراتیژییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دابینکردنی ئاسایشی خۆراک و گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ و ساغکردنەوەی بەرهەمی جووتیاران هەروەک چۆن باسی لێوە کرا، هەروەها هاتووە، کە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا 200 هەزار تۆن بەرهەمی پێتاتە زیادیکردووە و ئەمساڵیش گەیشتووەتە نزیکەی 600 هەزار تۆن کە داهاتەکەشی بە 500 ملیۆن دۆلار دەخەمێندرێت.